ویلیام شێکسپیر

ئەو جۆرەی بتەوێ

As you like it

هێمن : کردوویە بە کوردی

رۆژگارێك بوو ، وڵاتی جوانو دلگرو گانکائەوینو دلداری فەرانسە ، بەرەڵڵاو هەر کەس هەرکەس بوو ، کەس سەری بۆ کەس دانەدەنەواند ، کەس بە ڕبەی کەسی نەدەپیوا ، و هەر لایەی بەدەس میرو مەزنو دەرەبەگێکەوە بوو .

لە ناوچەیەکی لەم وڵاتە میرێکی زۆرداری ، داگیرکەری بێبەزەیی فەرمانڕەوای دەکرد . کە تەختی میرایەتی لە دەس براکەی خۆی دەرێنا بوو مولكو ماشی لێ بڕی بوو . ئەو میرە لەدەس پیسیو ناپاکیو ماڵپەرستیدا وێنەو هاوتای نەبوو . براکەی خۆی کە تا رادەیەك لەنێو خەڵكدا ناخۆشەویست نەبوو دەرکرد بوو برای زۆر لێکراوو وەدەربراو پەنای بۆ لێڕەواری چڕوپڕو دوورەدەستی « ئاردن » برد بوو . لەوێ لەگەڵ چەند دۆستو ئاشناو لایەنگری خۆی ژیانێکی خۆشو ئازادو بێدەردیسەری دەبردە سەر .

وردە وردە ئۆگری ژیانی ساکاری جەنگەڵ بوو . خەمو پەژارەی بەدیتنی دیمەنە جوانەکانی خۆرسك دەڕواند ، ئاوی ساردو روونو بێخەوشی کانیاوی دەخواردەوە . هەوای خاوێنو سازگاری زەنوێرانی هەڵدەمشت . کارگو رێواسو شیرو ماستو پەنیرو لۆرکو کەرەو هەنگوێنی لێری لە چێشتە چەورو سوێرو تیژەکانی کۆشك باشتر بێدەکەوتو دەردو دەغەزی دەپەڕاندو ئازارو نەخۆشی نەدەهێشت .

رۆژ بە رۆژ ژمارەی لێ قەو ماوو ڕاونراوو دەرکراوەکان پتردبوونو دەورەی قەوغاتر دەبوو ، وەرەزی زیاتر ددشکاو مەترسی کەمتر دەما .

ئەو میرەدەرکراوە کیژێکی هەبوو، کە ئاحەز بکەی نازدارو لەبارو وریاو وشیار بوو . ئەوەندە گفتخۆشو خوێن شیرینو رەزاسووك بوو ، کەس نەبوو بەدڵ خۆشی نەوێ . « رۆزالیند » لەو رۆژەوە باوکی بۆ پاراستنی گیانی خۆی پەنای بۆ (ئاردن) بردبوو لە ماڵە مامە زۆردارەکەیدا مابۆوە. تا هاودەنگو هاودەمی «سلیا»ی کچی مامی بێ . ئەو گلدانەوەیە هەرچەند رۆژەکانی هەوڵ سەختو تاڵو ناخۆش بوو . بەڵام کەم کەم ئۆگری یەکتریبوونو وەك دوو دۆستی پاكو چاك بوونە یاری گیانی گیانی .

چیرۆکی ئێمە لە کاتێکەوە دەسپێدەکا کە « رۆزالیند » وەك هەموو رۆێ لە بەر پەنجەرەی ژووری «سلیا» دانیشتبووو دەستی وەبەرچەنەی هەڵدابووو بیری لە ژیانی پچڕاوو هەڵودشاوی خێزانی خۆیان دەکردەوەو «سلیا» ش دەستی دۆستانەو دلسوزانەی بە پرچە نەرمو جوانەکانی دادەهێنا .

لەو کاتەدا خزمەتکارێکی ئەمیر هاتەژوورو پەیامی ئەمیری بۆ هێنان گوتی : « ئێستا ئەمیر دوو پاڵەوانان بەگژ یەکدا دەکا ودەفرمێ ئەگەر پێیان خۆشە ئەوانیش بێنە تەماشا .

لەو سەردەمەدا ئەوە باو بوو کە پاڵەوانان لە پێشچاوی میرو گەورە گەوران زۆرانبازی بکەنو ئەوانیش لە سەیرێ راوەستنو ئەو کارە دزێوو ناشیرینو ناپیاوانە مایەی

سەرگەرمی‌و دلخۆشی رەسەن رادەکان بوو « رۆزالیند»و «سلیا» ش کە زۆر وەرەزو دلتەنگ بوون ۆ تەماشا چوون . بەلام بەداخەوە دیمەنەکە لەباتی ئەوەی شادیان بکا ، پتری وەرەزو پەریشان‌کردن. چونکە تەماشایان کرد . لاوێکی مێرمندال‌و شروش‌و باریك‌و لەبار ئامادەیە لەگەل لەندەهۆرێکی مل ئەستوورو دێوەزمەیەکی بێ‌شاخ‌و کلك‌و سینگ‌پان‌و بەشان‌و باهۆ ئامبازی بەلێن جیاوازی تەمەن ، یەك نەبوون لەش‌و ئەندام‌و نیشانەی هێزو ئەزموون ئەوەندە دیارو بەرچاو بوو . هەموو کەس دەیتوانی بەرهەمی ئەم بەگژیەکداچوون‌و ئامبەرابەرە خەفەتبارە بەئاسانی پێش‌بینی بکا . کەچی لاوەکە بزەی لەسەر لێوان بوو ، هیچ ترس‌و نیشانەی وبەزینی تیدا بەدی‌نەدەکرا . دەتگوت : بەتەواوی دلنیایە زال دەبێ. «رۆزالیند» زۆر بەشێوو خەمبار بوو . وردە وردە لە لاوەکە چۆ پێش . نیگای سیحراوی‌و دلرفێنی تێبری‌و بەزمانێکی نەرم‌و شیرین پێی گوت : «دەس لەم کارە مندالانەو شێتانە هەلگرە . چونکە ئەم کابرا زل‌و زەبەلاح‌و کارامەیە لەوانەیە زیان‌و لاوەتی تۆ بخاتە مەترسی‌یەوە . لاوە نەناسەکە بە ئەدەبەوە گوتی : « داخی گرانم ناتوانم ئامۆژگاری ئەم کیژە نازدارە لەگوێ بکرم . » من لەمو بەرەنگاربوونەدا بریاری خۆم داوە . و لە حالێکدا کە بەتاسەوە چاوی لە چاوی کیژەکە بریبوو درێژەی دایە « ئەگەر زال‌بووم شانازی‌یەو ئەگەر تێداچووم لە کاری خۆم پەژیوان نیم چونکە لەم جیهانە پان‌و پۆرەدا تاقە کەسێك نیە دەنکە فرمێسکێکم بۆ برێژێ تەنیا ئاواتم ئەمەیە لەم ملانەدا دلسۆزی‌و خەمخۆری تۆ پشتیوانم بێ » .

زۆرەوانی دەس‌پێکرا «سلیا» بە ئاواتەوە بوو لاوی بێگانە سەرکەوێ . «روزالیند» دەپاراودو لە خودای دەویست لاوەکە بپارێزێ. حالی ناهومیدی بەتایبەتی ترسی مەرگی لاوەکە پەریشان‌و هەراسانی کردبوو . هەستی کردبوو، ئەم لاوەش وەك ئەوبێکەس‌و بێ پەنایەو بۆتە نیشانەی تیری ئەو رۆژگارە زۆردارە . دلەکوتەی گرتبوو . بۆ یەکەم‌جار شتێکی لە دلی خۆی‌دا هەست کردبوو . ئەویش هەستی خۆشەویستی‌و ئەوین بوو .

بە پێچەوانەی بۆچوونی تەماشاکەران لاوی مێرمندال کە لەبەر کابرای بەگەدو گیپال راچوو توند مەچەکەی لێ ئەنگاوت‌و چەند باوی توندی دایەو لێ‌ئال‌و تێکیەوە پێچاوەو پرزەی لێبری . جا بە هەر دوو دەست بەرزی کردەوەو وای بەرق بە هەردی دادا کە لەجێی خۆی ئەبزووت‌و چوار پەلی هاویشت . دەنگی ئافەریم ، هوریاکیشان‌و چەپلەرێزان لە هەموو لایەکەوە بەرزبۆوە . میر سەری سورماو خۆی پێ رانەگیراو لاودکەی بانگ‌کردو لەبنەچەکەو رەسەنی پرسی :

« وەلامی دایەوە کوری کچکەی (سێر رولاند بز) م » ئەمیر گرژو مۆن بوو و رووی لێوەرگێرا.باوکی دەناسی‌و دەیزانی یەکێك لە دۆستانی نیزیکی براکەی بوو .

بەلام «روزالیند» گەلێك پتری خۆش‌ویست لەحالێکدا کە دەستی «سلیا»ی دەگوشی گوتی : باوکم باوکی ئەم لاوەی زۆر خۆش‌دەویست‌و متمانەی تەواوی پێ هەبوو . ئەگەر دەمزانی رۆلەی کێیە ؟ بەهیچ بارێك نەمدەهێشت توخونی ئەم غوولە بکەوێ‌و خۆی لەمەترسی باوێ . بە هەناسەو فرمێسك داوێنم دەگرت‌و وازم پێ دەهێنا .

هەردووك چوونە لای کورەکە کە لەبێ مەیلی میر دلی یەشابوو . زۆریان لاواندەوەو دلخۆشی‌یان دایەوە . کە هاتن برۆن «رۆزالیند» زنجیرێکی لە ئەستۆی مەرمەرینی دەرهێناو لەمستی ناو گوتی : **« ئەم یادگارە بچووکەم لێوەرگرە من لە مالی دنیا چیدی شك نابەم . دەنا ئەتۆ بۆیە دەبووی دیاری زۆر بەنرخترت بدەمێ »** .

— ۲ —

فرەدریك فەرمانرەوای داگیرکەر کە وەفای (روزالیند)ی لەگەل لاوەکەی بینی‌و لە لای ذیکەشەوە باسی پاکی‌و چاکی‌و نازداری‌و بێ‌ئازاری ئەویان پێ‌راگەیاند بوو بەرق داچوو هاتە سەر ئەوەی برازاکەی لە مالی خۆی دەرکا . رۆژێ لەگەل «سلیا» لێی وەژوور کەوت . و بێ‌شەرمانە پێی گوت دەبێ لێرە برۆی . هەرچی «سلیا» پاراوەو گریاو دەست‌و داوێنی باوکی بوو . سوودی نەبوو . ناچار تکای لە باوکی کرد لێگەرێ ئەمشەویش پێکەوە رابوێرن .

شەوێ تەگبیریان کردو هاتنە سەر ئەوەی بەجووت رابکەن‌و خۆیان بشارنەوە . بەیانی زوو یەك لەجلکی لاوێکی ترنلو ئەوی دیکە لە بەرگی کچێکی لادێی‌دا بەدەرکی

نەهینـــــی کۆشـــكدا دەرباز بوونو بە ناشارەزایی روویان لە جەنگەلی «ئاردن» کرد .

هیچ کام نەیاندەزانی چیان بەسەر دێو رۆگار چ بۆسەیەکی بۆ ناونەوە. رێباز نادیارو دوا رۆژ ونبوو . تەنیا ئامانجیان ئەوە بوو . رێگای درێژ ببڕنو زووبگەننە لیڕەواری «ئاردن» بەڵکە میر لەوێنـــدرێ بدۆزنەوەو ژیانی تاریكو تنووكو ساردو سڕیان لەبەر تیشـــــکی سەرپەرسبـــــتیو لاواندنەوەی ئەودا رووناكو گـــەرم بێتەوە روزالیند لەجلکی لاوێکــــی توندو تۆڵو «سلیا» لەبەرگی کیژێکی لادێیدا زۆر ئاسایی دەهاتــــــــــە بەرچاو . بەنێو ســــــەدان رێبواردا تێپەڕینو کەسی نەیناسین . کاتێ رۆژئاوا بوو لـــە یەکـــەم قوناخدا باش حەسانەوە . چونکە خشــــــڵو دراوی زۆریان پێبوو توانیان ژووری چاك بگرنو خۆراکی باش بخۆن .

— ٣ —

«ئۆرلاندو» گچکەترینو لاوترێــن کوڕی «سێرڕولاند» بوو هەر لـــــە سەرەتای ژیانەوە رۆژگار ژەهــری ناکامی لە جامی کردبوو ، هێشـــــتا زارۆکێکی پچووك بوو کە باوکـــــی بۆهەمیشـــە بەجێیهێشـــتبووو چارەنووسی دابوو بە دەستی بـــرا کـــەوردکەی « ئلیور » لاوێکــــی سووكو خۆش رابوێرو لـــەخۆبایی بوو. بەپێچەوانەی وەسیەتی باوکی کە کوڕە چووکەکەی پێئەســــــپارد بوو . هیچ ئاگای لە براکەی نەبووو باشی پێنەگەیاند. «ئورلاندو» لەگەڵ ئاوالی گەڕۆكو سووکـــەلەو هیچو پووچ گەورە بوو . بەڵام چونکــــە بۆخۆی چاكو دلپاك بوو بەخوێڕیو دەستەوەســــــتان .دەزنەچووو باش پێگەیشت لاوێکی ئاکار باشو بوێرو بەهێزی لێپەیدابوو . ئەوە هەستی ئێرەییو بێزاری کاکـــی بزوانـــــدو خەریك بوو بەجۆریك سەری لـــــە ناخێ رۆکاو لەنێوی بەرێ .

بەو مەبەستە شوومە هانی دەدا بەرەنگاری پالەوانی بــــــە ناوبانگو کارامەیبکا . بەلکە بەدەس ئەوان بچێ . بەڵام بەختەوەرانە هەمـــــوو جارێ زاڵدەبوو ئەوانی دەشکاندو دەبەزاند . کە لەو کارە ناهومید بوو رۆژی ژووری نووستنی ئاگــــــــر تیبەردا کە بە هەزار حاڵ رزگاری هات .

ــ ئادام ــ کۆنە خزمەتکاری باوکی کەبەشی زۆری تەمەنی لەخزمەتـــی ئەونەماڵەدا بردبۆە سەر لەورازەی گەیاندو واداری کرد پێش ئـــەوەی نەخشـــەی ناپاکی کاکی جێبگـــــرێ رابکاو ولات بەجێبێڵێو چونکـــــە دەیزانی هیـــــچ دراوی نیــــــــە . پاشـەکەوتی خۆی دایەو بۆخۆشی لەگەڵی کەوت .

کە گەیشتنە جەنگەلی «ئاردن» پیرە پیاوی زورهان لەپێکــــەوت . (ئورلاندو) ئەوی لەبن ســـــێبەری دارێك داناو بۆخۆی بۆ پەیداکردنی خواردەمەنی بەباریکە رێیەکدا کــــە جەنگەڵ دەرۆیشت رۆیی. تاتووشی جێکایەك بوو کەمیرو دۆستانـــــی خەریکی خواردن بوون . شــــــری لەکالان دەرکێشـــــا کــــــە بەزۆری خواردنیان لێبستینێ . بەڵام مـــیر فەرمووی‌داو بەرووخۆشی گوتــــی وەرە نانبخۆ . «ئورلاندو» لـــەکاری خۆی پەژیوانو شـــەرمەزار بۆوەو داوای لــێبـــــوردنـــــی کـــــردو سەرگوزشتەی خۆی گێراوەو گوتی: ناوی «ئورلاندو»ە و کوڕە چۆکەی «سیرورلاند»ە. ئەمیر کە بیردوەری زۆر خۆشی لە دۆستایەتی باوکی بوو لە ناسینی ئەو زۆر شـــادبوو دەس بەجێ ناردی پیرە پیاوەکەشیان هێنا زۆر بەخیرهاتنی کردنو لەژێـــــــر باڵیخوێ کرتن .

— ٤ —

هێشـتا حەوتوێك بەسەر ژیانی (روزالیند)و «سلیا» لە جەنگـــەڵدا رانەبردبوو. رۆژێك (روزالیند) بەبن پیرە دارێکدا تێپەڕی تەماشای‌کرد ناوی ئەو لـــــە بەژنی دارەکـــــــە هەلکەندراوە بەلایەوە سەیر بوو . هەروا دەگەڕا دیسان دیتی ناوی بە دارێکی دیکەوەیە . هەرچی سەری هێناوبرد بۆی ساخنەبۆوە ئـــــەوە چییە ؟ ئاخری هاتە سەر ئەوە دەبێ لەو لێرەدا فریشتەیەکی ئەفسانەیی هەبێ کە هاوناوی ئەو بێ . لـــەو خەیالەدا بوو کوتوپڕ تووشی لاوێك بوو کە خەریکی راوبوو کە باشـــی تێراما «ئورلانـــدو»ی ناســـیەوە . دلی کەوتە لێدانو رەنگی بزڕکا ، لێی‌نیزیك‌بۆوەو گوتی: **ناوت‌چییە؟** گوتی : «ئورلاندو» ئەویش ئەوینێکی شورتو گومو ئاواتێکی بابردەڵەی لەروخساری ئەودا بەدی‌کردو ناوی پرســــــی : گوتی : «کاینمــــــــد»ە پێکەوەگەڕان «ئورلاندو» بۆی‌گێراوە کــــــە چۆن جارێك لەو پــــــەڕی ناهومیدی‌داو لەکاتی ملانەدا کچێکی جوانچــــــاكو دلپـــاك هومیـــــدی وەبەرناوەو شێتو شەیداو گیرۆدەی خۆی‌کردوە . لەو دەمیەوە لەبیری نەچۆتـــەوەو هەمیشـــــە گۆرانـــی پڕسۆزی پێهەڵدەڵیو ناوی لـــــە داری جەنگـــــەڵ هەڵدەکــــەنێ . «روزالیند» وەختابوو لە هۆش‌بچێو

خۆی لە ئامێزێ باوێ .

بەڵام خودای ئەقل تێی راخوڕی جارێ وەختی خۆناساندن نیە . چاکە تاقی‌بکەوەو بزانی رادەی وەفاداری‌و فیداکاری چەندە ؟ گوتی : من «روزالیند» دەناسم‌و خزمایەتیم لەگەڵی هەیە واچاکە من لەجێگای ئەو دابنێ‌و هەرچی لە دڵتدا هەیە بۆم هەڵرێژی تاهەمووی پێرابگەیەنم .

«ئورلاندو» هەموو رۆژی دەچوە کن دۆستە تازەکەی‌و دەچووە نێو دارو دەوەن‌و گوڵ‌و گوڵزارو کانی‌و جۆبارو خەمی دڵی خۆیان دەرەواند .

بەردبەیانێك تازە گزنگ گەوت‌بوو کە «ئورلاندو» هەستاو بەرەو دیداری دۆستەکە رۆیشت . تەماشای کرد کابرایەك لە سەر چەقی رێگا راکشاوەو خرپ خەوی لێ‌کەوتوە تێی فکری‌و برا گەورەکەی خۆی «ئلیور»ی ناسی‌یەوە پێ سەیربوو ئەو فێلبازو ترسنۆکە لێرە دەبینێ ؟ ئەو زۆر لەوە پیاوترو ئلزاتر بوو تۆڵە لە دوژمنی بێ‌دەستەڵات‌و خەوالوو بستێنێتەوە . بەڵام بە بێزاری لێی لاداو رووی وەرگێراو خەریك بوو تێ‌پەڕی‌و بڕوا تەماشای‌کرد مارێکی شینی گانەیکنۆ ملی قەف کردوەو گەزارەی دەرکێشاوەو بەرەو ئەو رەخوشێ هەستی ئینسانی‌وخوێنی برایەتی هەموو رق‌و قینی کۆنی لەبیر بردەوەو شیری هەڵکیشاو رای‌کردە مارلەپڕ نەڕەی دێلە شێرێك جەنگەڵی لەرزاندوە ئەو نەحەبەسا لەپێش‌دا ماری دوولەت کرد و پاشان بەگژ شێردا هات شەڕێکی خۆیناوی رووی‌دا شێری تووڕە پەلاماری دایەو ئەویش دابنەواند وەبەر شیرانی‌داو شپرزەی کردو شێری توورەو بریندار ئامبازی بووو بەچەنگاڵی تیژی لایەکی شانی‌تاپەنجەی‌دادڕی. بەڵام نووکی شیری ئەویش جەرگ‌و ریخۆڵەی وەدەشتی خست‌و خستی‌و حەیاتی رەشی لێ‌بڕی .

«ئلیور» کە ئەو دیمەنەی دی فرمێسکی پەشیمانی بەچاوی‌دا هاتەخوارو ئەوەندە بەخۆی داشکاوەو شەرمەزار بۆوە . کە خوێ بەسەر پێی براکەی داخست‌و داوای کوشتن یا بوردنی لێ‌کرد «ئورلاندو» کە دڵێکی پاك‌و بیرێکی رووناکی بوو . لە باوەشی خوێ گرت‌و هیچی کۆنی لەبیر نەماو بەخشی . بەڵام جوێزێژی باسك‌و ماندوویی لەشی برستی لێ‌بڕی‌بوو . نیشانە مەنزلی کچەکانی پێ‌گرت‌و ئلیوریش لەکۆڵی کردو بردیەوە ماڵی روزالیند و کارد ساتەکەی بەتەواوی گێڕاوە . سلیاو ئلیور خەریکی برژاندنەوەی برینەکانی باسکی‌و حەساندنەوەی گفت‌وگۆی لەشی برون . «ئورلاندو» شەرمەزار بوو کە ئەوەندە شەکەتە . بەڵام «سلیا» بەپێ‌کەنینەوە دەیگوت : پێت وایە لەگەل بێچود پشیلە گەمەت‌کردوە . تۆ دێلەشێری سەر توتکانت کوشتوە. لەو حاڵەدا «ئلیور» چاوی لەچاوە جوانەکانی «سلیا» نەدەترووکاند. دیار بوو سلیاش بێ مەیل نەبوو جار جار بەناز پەنجەی ئلیوری دەگوشێ‌و وەڵامی داو خۆازیەکانی دەداوە .

«روزالیند» پاش تاوێکی گوتی . «ئورلاندو» بێنە لای من باشترم ئاگالێ دەبێ . بەڵام باسی پەریشانی منی بۆ مەکە . ئلیور کەدڵ‌و دینی لە پێناوی ئەوینی ئەو کیژە ئەشمیلە نابوو . بەپەلەهاتەوەلای ئورلاندو ئەوی لەرازی خوێ ئاگادار کرد . وگوتی لە خودای دەوێ کە سلیا ببیتە ژنی ئەو ئورلاندو بەزەیەکی هاتە سەر لێوان‌و گوتی بچۆ لای وهەموو قسەی خۆتی بۆ بگێرەوە . نابینی ئێستا تەنیایەو گاینمد دێتە لای من . دوو دڵدار کە بەرواڵەت دوو دۆستی گیانی بوون بە تەنێ مانەوە ئورلاندو باسی ئەوینی (ئلیور)و سلیای بۆ گێڕاوە . پاشان گوتی خۆزگەو هەزار خۆزگە ئێستا روزالیندی خۆشەویستی منیش لێرە دەبوو . رۆزالیند گوتی خەمناك مەبە سبێنێ جوانترین بەرگی خۆت لەبەر بکە وەرە بنکەی میر ناردوومە خۆشەویستە کەتبێ تکای لێ‌دەکەم بێتەرەداو شووت پێ‌بکا بەیانی میوانیەکی باش لە بنکەی میر رازاوە . ئورلاندو ، میر ، ئلیورو ئەوانی دیکە- چاودێر بوون لە پڕ دوو کچی جوان بەجلی خۆ وڵاتی دەرکەوتن روزالیند خوێ بەسەر پێلاوی باوکی داداو تکای‌لی‌کرد ئیزن بدا مێرد بە (ئورلاندو) بکا . میر لەخۆشی دیداری کچەکەی وەختابوو باڵ‌بگرێ و دەستی دوو ئۆبووکانی لە دەستی دوو تازە زاوا نا .

لەو لاشەوە میر داگیرکەر کە تەنانەت کچەکەی خۆشی لە دەستانی رای‌کرد بوو. بەری شەپۆلی تووڕەیی خەڵکی نەگرت‌و پەنای بۆ دێربرد . میری پێشوو سەر لەنوێ چۆوە سەرتەختی خۆی .

خەستەخانە ١٠-١١-١٩٧٨

هێمن